https://www.doi.org/10.31918/twejer. 21lich.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی یوتیوب لە فێربوون و گەشەی زمانی دووەم لای منداڵ

م. ی.دەشتی عەلی ڕەشید

Dashti.ali@garmian.edu.krd

م. ئاریا یاسین عەبدوڵا

arya.yasin@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی ڕۆڵی یوتیوب لە فێربوون و گەشەی زمانی دووەم لای منداڵ، هەروەها دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵانی نیشتەجێی قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی (پەسنی- وەسفی) و ڕێبازی (ڕووپێویی - المسحی) بەکارهاتووە، لە ڕێگەی (فۆڕمی ڕاپرسی)یەوە (٦٠)- دایکوباوکی فەرمانبەر لە ناوەندی قەزای کەلار وەک مشتە-سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەی (هەڕەمەکیی مەبەستدار) وەرگیراون. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەشی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە: پێگەی ئەلیکترۆنیی یوتیوب ڕۆڵی هەیە لەسەر فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی زمانیی دووەم لای منداڵان و زۆربەیان تەماشای ئەو ڤیدیۆیانە دەکەن کە بە زمانی ئینگلیزین، منداڵان فێری چەند شتێک دەبن لەوانە ناوهێنانی (ڕەنگەکان، خواردن و میوەکان، ژماردنی ژمارەکان، کەلوپەل و پێداویستییەکان).

وشە کلیلییەکان: یوتیوب، فێربوون، زمانی دووەم، منداڵ.

## باسی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

یەکەم/ کێشەی توێژینەوە: کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان پێگەی ئەلیکترۆنیی یوتیوب و فێربوون و گەشەکردنی زمانی دووەم لای منداڵ، کە ئاخۆ تاچەند یوتیوب ڕۆڵی لە فێربوون و گەشەکردنی زمانی دووەم لای منداڵ هەیە؟ فێربوون و گەشەکردنی زمانی دووەم لای منداڵ لە چ ئاستێکدایە؟

دووەم/ گرنگیی توێژینەوە: گرنگیی توێژینەوەکە خۆی لە ڕۆڵ و کاریگەریی پێگەی ئەلیکترۆنیی یوتیوب دەبینێتەوە لە فێربوون و گەشەی زمانی دووەم لای منداڵ، کە لە ئەمڕۆدا بەشێکی زۆری منداڵان بەهۆی بەردەستبوونی ئامێرە ئەلیکترۆنییە زیرەکەکانی وەک (مۆبایل، تابلێت)ەوە، تەماشای بابەتە جۆراوجۆرەکانی نێو یوتیوب بە زمانە جیاوازەکان دەکەن.

سێیەم/ ئامانجی توێژینەوە: ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١. زانینی ڕۆڵی یوتیوب لە فێربوون و گەشەی زمانی دووەم لای منداڵ.

٢. دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ.

چوارەم/ جۆر و ڕێبازی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی پەسنی (وەسفی)یەو، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە مەیدانییەکەشی ڕێبازی (ڕووپێوکاری) بەکارهێنراوە.

پێنجەم/ ئامرازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی: بە مەبەستی دڵنیابوون لە کارڕایی ڕاپرسییەکە و گونجاندنی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، بە پشتبەستن بە ڕواڵی تەدروستي (الصدق الظاهري)، لەلایەن ژمارەیەک

(پسپۆڕی زانستی ( )) هەڵسەنگێنراو و پاش وەرگرتنەوەی لە بەڕێزیان و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، بەپێی پێویست و گونجان گۆڕانکاری تێداکراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆڵستی)یەوە ڕادەی دروستییەکە دەرهێنرا، کە بریتییە لە (٨٩%)، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە.

شەشەم/ سنووری توێژینەوە: سنووری توێژینەوەکە بەسەر سێ بواری جیاوازدا دابەشبووە، کە ئەمانەن:

١- بواری مرۆیی: توێژەران لە ڕێگەی (فۆڕمی ڕاپرسی)ی ئەلیکترۆنییەوە چەند پرسیارێکیان ئاراستەی کۆمەڵێ بەرتوێژ لە فەرمانبەران کرد. لەو ژمارەیەش (٦٠) کەس فۆرمەکەیان پڕکردەوە.

٢- بواری کات: خۆی لە ڕێوشوێنی مەیدانی دەبینێتەوە لەسەر بەرتوێژان (المبحوثین)، بریتییە لە (١٥ی نیسان – ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

٣- بواری شوێن: ناوەندی قەزای کەلار – ئیدارەی گەرمیان دەگرێتەوە.

حەوتەم/ کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوە: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم ئەو دایکوباوکانەی کە تەمەنی منداڵەکانیان لەنێوان (٣ بۆ ٦)ساڵدایە. سەبارەت بە مشتە (سامپڵ)ەکەیشی، ویستەمشتە (عینة قصدیة)یە و (٦٠) دایکوباوکی فەرمانبەری حکومی لە ناوەندی قەزای کەلاری سەر بە ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەی هەڕەمەکیی مەبەستدار وەرگیراون، هۆی دیاریکردنی ئەو بژاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بابەتی توێژینەوەکە واپێویست دەکات بۆچوونی

دایکوباوکی بەئاگا و خاوەن بڕوانامە لەبارەیەوە وەربگیرێت و دواتریش پێوانەبکرێن.

هەشتەم/ دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە:

ڕۆڵ: کۆمەڵێک ئەرک یان ڕەفتاری چاوەڕوانکراوە هاریکار دەبێت بە باش یان خراپ، بۆ هەر تاکێک یان ڕێکخراوێک یان چالاکییەکی مرۆیی، لە نێویاندا ڕاگەیاندن کۆمەڵێک ڕۆڵ دەگێڕن، ئەو ڕۆڵانەش یەکسان نین، بەڵکو بەپێی ئەو ئەرکەی پێیهەڵدەستێت جیاواز دەبێت لە چوارچێوەی کات و شوێنی جیاوازدا.

یوتیوب: پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی ڤیدیۆیی بەناوبانگی جیهانییە، ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات بەبێ بەرانبەر و بە پشتبەستن بە تۆڕی ئینتەرنێت تەماشای ڤیدیۆ بکەن، لە هەمانکاتدا ڤیدیۆ باربکەن و دابگرن.

گەشەی زمان: گۆڕانی پلەبەپلەی زمانە لەناو کۆمەڵگایەکی تێگەیشتوو، بە ئامانجی گەیشتن بە ئاستی زمانی باشتر لەوەی پێشوو, چەمکی گۆڕان نابێتە گەشەکردن ئەگەر گۆڕانەکە بەرەو باشترکردنی زمان نەچێت لای تاک و نەوە و وڵاتەکەش.

فێربوون: پڕۆسەیەکی عەقڵیی زۆر ئاڵۆز و هەمەلایەنە، ژمارەیەکی زۆر پڕۆسە و چالاکی و توانستی تر لەخۆدەگرێت، کە لە وەرگرتن و هەستپێکردنی ڕژێنەکان لەلایەن هەستەوەرەکانەوە دەستپێدەکات و دواتر گەیاندنی بە مێشک و کۆگاکردن و لێکدانەوە و درکپێکردن و وەڵامدانەوە لە ڕێگەی ماسولکە و گلاندەکان کۆتایی‌دێت) (قەرەچەتانی, ٢٠٠٨: ١١)

زمانی دووەم: ئەو زمانەیە کە مرۆڤ دوای پێواژووی زمان پژان چ لەناو کۆمەڵە جووت_زمانەکەی خۆیدا بێت، یان لە ناو کۆمەڵی تری زمان

جیاوازدا، یاخود لە پێواژوویەکی زمانفێرکردندا فێردەبێت و لە ژیانیدا بەپێی پێویستی بەکاریدەهێنێت. (عەبدوڵا, ٢٠١٦: ٣٣).

منداڵ: قۆناغێکی تەمەنییە لە سووڕی ژیانی مرۆیی، لە ڕۆژی لەدایکبونەوە دەستپێدەکات تاکو قۆناغی هەرزەکاری (بالغ بوون). (الریماوی،٤٦:٢٠١١)

نۆیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکەم/ توێژینەوەی شیلان عوسمان عبدالرحمان بەکر (٢٠١٧)

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: ڕوونکردنەوەی کاریگەریی زمانی دووەم/ ئینگلیزی لەسەر زمانی دایک. لە توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی-شیکاری و ئامرازی ڕاپرسی بەکارهاتووە، (٢٤) خوێندکاری لە زانکۆی (ئیشک/ هەولێر) وەک مشتە-سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە: خوێندن و پرۆگرامی خوێندن هۆکاری سەرهەڵدانی جووتزمانین، بە ناوی جووتزمانی فێرکردن، هەروەها ئەو خوێندکارانەی لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە ڕووبەڕووی زمانی ئینگلیزی بوونەتەوە، کاریگەریی زمانی دووەم لەسەر زمانی دایک زۆرترە.

دووەم/ توێژینەوەی عزة جلال عبدالله حسین (٢٠١٨)

گرنگرین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی کە منداڵانی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە بە تەماشاکردنی گرتە ڤیدیۆییەکانی یوتیوب بەسەریدەبەن لەڕوانگەی دایکانەوە، هەروەها دەرخستنی ئەوەی تاچەند منداڵانی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە خاوەن ئامێری تایبەت بەخۆیان بۆ تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی نێو یوتیوب.

هەروەها زانینی ڕۆڵی دایکان لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی کە منداڵان لە ڕێگەی یوتیوبەوە تەماشای دەکەن. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (پەسنی) و ڕێبازی (ڕووپێوي) بەکارهاتووە، (٢٠٠) دایک لەوانەی کە منداڵەکانیان تەمەنیان لە نێوان (٢-٦)ساڵدایە، لە هەردوو پارێزگای دەمیاتی وڵاتی میسر، وەک مشتەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی وەرگیراون.

لە گرنگترین ئەنجامەکانیش کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە: زۆرینەی منداڵانی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە ڕۆژانە (٣ -٥) کاتژمێر تەماشاکردنی یوتیوب دەکەن. هەروەها زۆرترینیان بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٦٢%)ی دایکان، منداڵەکانیان بۆ تەماشاکردنی یوتیوب ئامێری تایبەت بە خۆیان هەیە. هەروەک (تاڕادەیەک) دایکان سەرپەرشتي و دەستنیشانی ئەو ڤیدیۆیانە دەکەن کە منداڵەکانیان لە ڕێگەی یوتیوبەوە تەماشایان دەکات.

سێیەم/ توێژینەوەی أحلام فليح حسن العطيات (٢٠١٨)

لە گرنگرین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی یوتیوب لە فێربوونی کارامەیی دروستدەربڕینی زمانی ئینگلیزی لای منداڵانی باخچەی منداڵان. لە توێژینەوەکە میتۆدی (ئەزمونگەری) بەکارهێنراوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش لە منداڵانی باخچەی منداڵانی تایبەت لە عەممانی پایتەختی ئوردن پێکهاتووە، (٤٣) منداڵ لە هەردوو ڕەگەزی (مێ) و (نێر) بە شێوەی هەڕەمەکی لە باخچەیەکی تایبەت وەک مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون.

لە گرنگترین ئەنجامەکانیش کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە: یوتیوب ڕۆڵی هەیە لە دروستدەربڕینی زمانی ئینگلیزی لای منداڵانی باخچەی

منداڵان، بە تایبەت دەربڕینی (پێنج هەستەوەرەکە) و (ناوهێنانی ئاژەڵ) و (دەربڕینی دوو ڕستە بە شێوەیەکی تەواو).

چوارەم/ توێژینەوەی Dwi Asmiarti and Guntur (Winangun (2018

توێژینەوەکە بە ناونیشانی ( The Role of YouTube Media as a Means to Optimize Early Childhood Cognitive Development)ە، توێژینەوەیەکی وەسفییە و لە ماڵپەڕی کۆنفرانسی ICIEVE)) دا بڵاوبووەتەوە، توێژەران ئامرازەکانی (تێبینیکردن و چاوپێکەوتن) لەگەڵ دایکوباوکی منداڵانیان بەکارهێناوە، (٣٠) دایکوباوکی منداڵی تەمەن (٢ بۆ ٣) ساڵیان وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگرتووە. لە گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە: زانینی کاریگەریی ئامرازی یوتیوبە لەسەر (زمان، سەرنجدان، زانینخوازی و خەیاڵ)ی منداڵان.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەشی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتین لە: منداڵان فێری کۆمۆنیکەیشنی دوولایەنە بوون، توانیویانە چەندین وشە و دەستەواژەی ڕۆژانە و ناوی ڕەنگەکان فێربوون، هەروەها توانیویانە ئەو گۆرانییە منداڵانە بڵێنەوە کە لە یوتیوبەوە تەماشایانکردوون.

**باسی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە**

**تەوەرەی یەکەم: سەرەتایەک دەربارەی یوتیوب**

**یەکەم: کورتەیەکی مێژوویی**

پێگەی ئەلیکترۆنیی یوتیوب (www.Youtube.com) لە ساڵی (٢٠٠٥) لەلایەن سێ کارمەندی پێشووی کۆمپانیای (PayPal) دامەزراوە، ئەوانیش (چاد هۆرلی، ستیڤ چن، جەوید کەریم)ن، لە مانگی

ئایاری (٢٠٠٥) بە شێوەیەکی ئەزموونی کەوتووەتەکار، دواتر و پاش شەش مانگ بە شێوەیەکی فەرمی بڵاوکراوەتەوە، لە ئۆکتۆبەری (٢٠٠٦) گەورە کۆمپانیای (گۆگڵ) بە بڕی (١.٦٥) ملیار دۆلار پێگەی یوتیوبی کڕی و لەوکاتەوە پێگەکە وەکو بەشێک لە خزمەتگوزارییەکانی گۆگڵ، خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە بەکارهێنەران دەکات، لە ئێستاشدا بارەگای سەرەکیی کۆمپانیاکە لە شاری (سان برۆنۆ)ی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکایە، یەکەمین گرتە ڤیدیۆیش بە ناونیشانی (من لە باخچەی ئاژەڵان - Me at the zoo) لە ساڵی (٢٠٠٥) لەنێو یوتیوب لەلایەن (جەوید کەریم) بارکراوە و ماوەکەی (١٩)چرکەیە، تائێستا زیاتر لە (١٧٣)ملیۆن جار تەماشاکراوە. (أشرف الدين، ٢٠١٦: ٦٣). بەشێکی زۆر لە شارەزایانی بواری تەکنۆلۆژیا، یوتیوب وەک شۆڕشێکی نێو جیهانی تۆڕی ئینتەرنێت دەناسێنن، چونکە ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕینی چەمکی سەروەریی وڵات و قۆرخکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەت تەلەفزیۆن، لە ئێستاشدا بە (٨٠) زمان خزمەتگوزاریی پێشکەش بە بەکارهێنەرانی دەکات لە جیهاندا. (پێگەی الجزيرە: ٢٠٢١/٧/١٧). هەرئەوەش وای لە یوتیوب کردووە وەک سەکۆیەکی کاریگەری فێرکاری و گەشەپێدانی تواناکان دەربکەوێت لە بواری شارەزابوون و فێربوونی زمانی دووەم، بە تایبەت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە خێرا و بەرفراوانەی تەکنۆلۆژیا، کە ئاسانکارییەکی زۆری بۆ هەموو کەسێک بە گەورە و بچوک کردووە لە بەکارهێنانی ئەو تۆڕەدا. (Farahsani, 2020: 148 )

بەپێی دوایین ئامار، لە ئێستادا پێگەی ئەلیکترۆنیی یوتیوب زیاتر لە (٢)ملیار بەکارهێنەری هەیە، (٧٠%)ی ئەو ژمارەیەش لە ڕێگەی ئامێری مۆبایلەوە یوتیوب بەکاردەهێنن، هەروەها ڕۆژانە هەر بەکارهێنەرێک ماوەی (١٨) خولەک یوتیوب بەکاردەهێنێت، هاوکات کۆی گشتیی ئەو کاتژمێرانەی کە ڕۆژانە تەماشای ڤیدیۆکانی نێو یوتیوب دەکرێت، بریتییە لە یەک ملیار کاتژمێر. (پێگەی یوتیوب: ٢٠٢١/٧/١٥).

## دووەم: پێناسەی یوتیوب

یوتیوب بەناوبانگترین پێگەی ئەلیکترۆنیی ڤیدیۆییە، کە بەئاسانی بەکاردەهێنرێت و لە سەرجەم بوار و کایە جۆراوجۆرەکاندا ڤیدیۆی تێدایە، بەشێک لە پسپۆڕان بەمشێوەیە پێناسەی دەکەن: پێگەیەکە کە زۆرترین ڤیدیۆ لەخۆدەگرێت، بەکارهێنەران لە ڕێگەیەوە دەتوانن تەماشایان بکەن و هەڵسەنگاندن بۆ گرتە ڤیدیۆییەکان بکەن، کە لەلایەن ئەندامانی دیکەوە بۆ نێو یوتیوب بار (ئەبلۆد) کراون. (غنتاب، ٢٠١٦: ١٤١)

بەشێکی دیکە بەمجۆرە پێناسەی دەکەن: پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەتمەندە بە هاوبەشیکردنی ڤیدیۆ و هەڵگرتن (سەیڤ) و دروستکردنی هەژمارەی تایبەت بەنێو پێگەکەدا بۆ هەرکەسێک کە ئارەزوو بکات. (أل کدم، ٢٠١٩:٤٠٣)

توێژەرانیش بەمشێوەیە پێناسەی یوتیوب دەکەن: پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەتمەندە بە ڤیدیۆ، بەهۆیەوە بەکارهێنەران دەتوانن بێبەرانبەر و بە پشتبەستن بە تۆڕی ئینتەرنێت، تەماشای گرتە ڤیدیۆییەکان بکەن و لە هەمانکاتدا هەژماری تایبەت بە خۆیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن ڤیدیۆ لەنێو پێگەکەدا بار(ئەبلۆد) بکەن.

## تەوەرەی دووەم: زمانی دووەم لای منداڵان

یەکەم/ تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی دووەم: فێربوونی زمانی دووەم پەیوەندی بە تەمەنەوە، پێواژوویەکی ئاڵۆزە و ڕای جیاواز لەسەری هەیە؛ هەندێک لە زمانەوان و زانایان پێیانوایە کە تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی دووەم، ئەو تەمەنەیە کە منداڵ تیایدا بە تەواوی زمانی یەکەمی پاراوبووە و فێربووە، چونکە وادەبینن کە بەو شێوەیە زمانی دایکییان پارێزراودەبێت و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی

دووەمەوە و کەمترین مەترسی هەیە، کە زمانی دایکیی لەبیربچێتەوە. لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵێکی زۆری زانا و زمانەوانی تر پێیانوایە کە تەمەنی منداڵی (دوو ساڵ) بەسەرەوە گونجاوترین تەمەنە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، هەرچەندە منداڵ لەم کاتەدا ناتوانێت بە تەواوی زمانی یەکەمیشی بەکاربهێن، بەڵام بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی کە دەیانزانێت لە هەردوو زمانەکەدا لەوە تێدەگات کە دوو زمانی جیاواز هەن لە ڕووی دەنگ و ڕیزبوونی کەرەستەکانیەوە و هەم لە ڕووی هێماکانییانەوە، چونکە بۆ هەر شتێکی دەوروبەر منداڵ پێویستە دوو هێمای جیاواز بزانێت و بەکاریبهێنێت، بۆ نموونە ئەگەر زمانی ئینگلیزی لە ژینگەی خێزانێکی کورددا هەبێت، ئەوکات منداڵە کوردەکە تێدەگات و فێردەبێت کە هەریەک لە وشەکانی (ئاو ) و (Water) هێمان بۆ یەک شت، بەم شێوەیە هەردوو وشەکە لەسەر پەیڕەوی سەربەخۆ گەشە دەکەن و دوو سیستەمەکە بە ڕوونی دەردەکەون. (عەبدولوەهاب، ٢٠١٥: ٨٧).

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانەی کە باسکران بۆ بەگرنگزانینی فێربوونی زمانی دووەم لە تەمەنی منداڵییەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ئەرێنیی تر لەلایەن زمانەوانانەوە خراونەتەڕوو، لەوانە توانای هزری منداڵ بۆ وەرگرتن و فێربوونی زیاتر لە زمانێک لەیەککاتدا و لە سەرەتای تەمەنیدا بەبێ ئەوەی ئەو زمانانەی کە فێری دەبێت کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانیی دایکیی هەبێت، منداڵ لەم تەمەندا (دووساڵ بۆ سەرەوە) پێویستی بە شیکردنەوە و بەستنەوەی واتای وشەی زمانی دووەم نییە بە زمانی دایکیەوە، بەڵکو تەنها دانە فەرهەنگییەکان و کەرەستە سادە و ساکارەکانی زمانەکان وەردەگرێت و لە هزریدا گەنجی دەکات. ( Davison، 2001)، هەروەها (براون) لە ساڵی (١٩٩٤) سەبارەت بە باسکردنی دەنگەکان لای منداڵ باسی لەوە کردووە کە زانستی دەنگسازی جەخت لەوەدەکاتەوە؛ کۆئەندامی دەنگیی مرۆڤ لە سەرەتای تەمەنییەوە

خۆی لەگەڵ ئەو دەنگانە دەگونجێنێت کە منداڵ بەکاریدەهێنێت، بەبێ هیچ جیاوازییەک واتە ئەو مندالانەی لە سەرەتای تەمەنیانەوە فێری زمانی دووەم ببن دەربڕینی دەنگەکانیان وەکو قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانە دووەمەکە دەبێت و هەمان (ئەکسێنت)ی ئەوانی دەبێت، کەچی ئەوانەی کە لە تەمەنی گەورەییاندا فێری زمانی دووەم دەبن، ئەگەرچی زۆر بەتواناش بن لە بەکارهێنانی ئەو زمانە، کەچی بە دەربڕین (ئەکسێنت)یاندا هەر دەناسرێنەوە کە قسەپێکەری ڕەسەنی ئەو زمانە نین. جگەلەوەش یادگە و هزری مرۆڤ لە سەرەتای تەمەنیدا زۆر چالاکە بۆ گەنجکردنی زۆرترین وشە و دانەی فەرهەنگیی زمانەکان ئەگەرچی جیاوازیش بن. (حسن، ٢٠١٨: ١٥)

دووەم/ تیۆرەکانی فێربوونی زمانی دووەم: تیۆرەکانی فێربوونی زمانی دووەم زۆرن و جۆراوجۆرن، تەنانەت جۆرێک لە تێکەڵکردن دروستبووە لە کاتی ناوهێنانی تیۆری و گریمانە و ڕێبازەکانی فیربوونی زمانی دووەم، ئەگەرچی جیاوازی لەنێوان تیۆری و گریمانەدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونێکی دیکە هەیە پێیوایە: (تیۆر کۆمەڵێک گریمانەی بەیەکداچووە لەسەر زمان و چۆنیتی  فێربوون و فێرکردنی، بەڵام ڕێباز/ شێواز پلانێکە بۆ خستنەڕووی  بابەتی زماني، هیچ بەشێک دژایەتی یەکدی ناکەن) (عەبدوڵا، ٢٠١٦: ٣٧). بۆیە جگە لەو تیۆرانە لە سەرچاوەی جیاواز باس لە کۆمەڵێک گریمانە کراوە وەکو (گریمانەی تێکردە، گریمانەی کارلێککردن، گریمانەی دەرکردە، گریمانەی کلتووری کۆمەڵایەتی). (کریم، ٢٠١٩:٢٠). لە سەرچاوەیەکی تردا باس لە چەند تیۆری و ڕێبازێک پێکەوەکراوە وەکو (ڕێبازی ڕێزمان و وەرگێران، ڕێبازی بەراوردکردن، تیۆری شیکردنەوەی هەڵە، ڕێبازی ڕاستەوخۆ، ڕێبازی خوێندنەوە... هتد) (عەبدوڵا، ٢٠١٦: ٣٨).  (عبد العزيز بن ابراهيم العصيلي) لە کتێبی (علم اللغه النفسي)دا تیۆرەکانی زمانی دابەشکردووە بۆ تیۆرە گشتییەکانی وەک: (تیۆری ڕەفتاری, تیۆری سروشتی, تیۆری

ئەرکی) و ئەوانەشی تایبەتن بە زمانی دووەم وەک تیۆریەکانی (قۆناغی، چاودێری، شوێنکەوتەی ڕۆشنبیری، ئەرکە دەمارییەکان...هتد).

١/تیۆری شوێنکەوتەی ڕۆشنبیری: ئەم تیۆرییە بە (تیۆری خۆڕۆشنبیرکردن)یش ناسراوە، کە چەند کردارێکە تاک تێیدەپەڕێنێت وەک (خۆڕۆشنبیرکردن بە ڕۆشنبیری و کلتووری قسەپێکەرانی زمانی دووەمەکە) وەرگرتنی زمانی دووەم لایەنێکە لە لایەنەکانی شوێنکەوتەی ڕۆشنبیری، بە شێوەیەک ئەو وەرگرتن و فێربوونی زمانە، پشت دەبەستێت بە ڕاهاتن و خۆگونجاندن و ئاسودەبوونی تاکی فێرخوازی زمانی دووەم، بەو زمانەی کە ئامانجیەتی فێریبیبێت. ( Brown: 1987: 129). لە سەرچاوەیەکی تردا بە (تیۆری خۆگونجادندنی کلتووری) ناوبراوە و تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە ((هەرچەندە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونیی دوو زمانەکە، واتە زمانی یەکەم و زمانی دووەم کەمتربن، ئەوا پلەی فێربوون زیاتر دەبێت و سەرکەوتووتر دەبێت)). (موشیر، ٢٠١٤: ١٨٣)

٢/تیۆری گفتوگۆ: ئەم تیۆریە پشتدەبەستێت بە تیۆرییە ئەرکییەکەی هالیدای، بەپێی ئەم تیۆریە منداڵ ڕێزمانی زمانی دایکی لە ڕێگای گفتوگۆ و قسەکردنی ڕۆژانەوە لەناو ژینگەی دەوروبەری فێردەبێت, ئەم تیۆرییە کە (هاتچ) خاوەنیەتی پێیوایە منداڵ لە ڕێگای پەیوەندیی ڕاستەقینە و توندوتۆڵی بە دەوروبەرییەوە فێری زمان دەبێت بەو مەرجەی کە پاڵنەری هەبێت بۆ بەکارهێنان.

٣/تیۆری ئەرکی دەماریی: ئەم تیۆریە کە (لاری سلینگر و لاماندیلا) پشتگیریدەکەن، پێیانوایە گەشەی زمان پشتبەستە بە کاری ئامێری دەماریی گشتی بە تایبەت مێشکی مرۆڤ و ڕاستەوخۆ فێربوونی زمانی دووەم دەبەستنەوە بە ئەرکی مێشکەوە. (العصیلي، ٢٠٠٦: ٢٨١)

٤/تیۆری زمانی قۆناغدار: بەپێی ئەم تیۆریە فێربوونی زمانی دووەم بە قۆناغ دەبێت و پێویستە تاک هەموو قۆناغەکانی ئەو پێواژووە تێپەڕێنێت تا دەگات بە قسەکەرێکی باشی ئەو زمانە کە ئامانجیەتی. (Anderson، 1990: 48)

سێیەم/ جووت زمانی: فێربوونی زمانی دووەم، دەمانبات بۆ باسکردنی بابەتێکی نوێی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، ئەویش جووت-زمانی و دوودیویی زمانییە, ئەو ئاخێوەرانەی فێری زمانی دووەم دەبن، وەک ئاخێوەرێکی جووت- زمان ڕەفتاردەکەن (عەبدوڵلا ٢٠١٦: ٤٢). جووت_ زمانی بریتییە لە بەکارهێنانی دوو زمان لای تاک یان کۆمەڵگا، بەهەر پلەیەک لە پاراوی بێت، و بەهەر کارامەییەک لە کارامەییەکانی زمان بێت و بۆ هەر ئامانج و مەبەستێک بێت، کەوایە زمانی دووەم مەرج نییە بە شێوەیەکی پاراو لای تاکی خاوەن جووتزمان هەبێت، دەشێ تەنها تێبگات، دەشێ بتوانێت قسە بکات یان توانای نووسین و خوێندنەوەشی هەبێت. (عبدالرحمن، ٢٠١٧: ٤). کەسی جووتزمان لە کاتی ئاخاوتندا شێوازێک یان هەردوو شێوازەکە پێکەوە بەکاردەهێنێت، ئەوانیش بریتیین لە:

١/کۆد گۆڕینەوە: ئەم چەمکە چەمکێکی زانستی هێمالۆجی و زانستی زمانە، زۆرینەی زمانەوانان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە ئەم چەمکە بۆ ئەوە بەکاردێت؛ کەسێکی جووت_ زمان لە هەمان کاتی قسەکردن و گفتوگۆکردندا، لەهەمان بارودۆخدا هەردوو زمانەکە بەنۆبە بەکاردەهێنێت. (عەبدولا، ٢٠١٦: ٧٩) واتە کۆد گۆڕینەوە بریتییە لەوەی کە (قسەکەر کاتێک زمانێک هەڵدەبژێرێت و قسەی پێدەکات, پاشان لە کاتی قسەکردندا و بەبێ پچڕان لە قسەکردنیدا ئەو زمانە دەگۆڕێت کە پێشتر بەکاریهێنابوو، زمانێکی تر هەڵدەبژێرێت و قسەکانی پێ تەواو دەکات) (شادان، ٢٠٠٨: ٦). بۆ نموونە:

لانە: کەی وەڵامم بۆ دەگێڕیتەوە؟

ناز: نازانم خۆت تەلەفونم بۆ بکەوە.

لانە: OK, I call You

٢/کۆد تیکەڵکردن: زمان تیکەڵکردن ئەو شتانەیە کە لە سیستەمی دووو زماندا یەکدەبڕن (بە یەکدەگەن) ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات کە قسەکەر پابەندبوونی بە زمانێک لەدەستدەدات و بەردەوام دەبێت لە ڕستەکەدا بە زمانێکی تر. (شادان، ٢٠٠٨: ٦) واتە لەناو خودی یەک ڕستەدا دوو زمانی جیاواز بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە، (من زۆر هەپیم).

ئەگەرچی دەگوترێت (مەرجی ڕوودانی ئەم دیاردەیە، دەبێت ئەو دوو زمانە لەهەمان کۆمەڵگەدا بەکاربهێنرێن و قسەیان پێبکرێت، چ شانبەشانی یەکتربێت، یان بە شێوەی لاسەنگ، یاخود بەشدارانی گفتوگۆکە خاوەنی هەمان جووتزمان بن و دەسەڵاتیان بەسەریدا بشکێت) (عەبدوڵا، ٢٠١٦:٨٥)

چوارەم: جووتزمانی ڕاگەیاندن: ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی دروستبوونی جووتزمانی کە تاک لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە وەریدەگرێت، دیاردەیەکی تاکەکەسییە نەک کۆمەڵایەتی، کە دەشێت تاک فێری زمانی دووەم بێت بەهۆی ئارەزووی بۆ فیلم و گۆرانی و زنجیرەی دراما، ئەم جۆرەی جووتزمانی (Bilingualism mass media) (عبدالرحمن، ٢٠١٧: ١٢) یوتیوبیش وەکو بەشێک لە میدیا لە ڕێگەی ئەو ڤیدیۆ جۆراوجۆرانەی کە لە بوارەکانی گۆرانی، فیلمکارتۆن، فیلم، ڤیدیۆی فێرکاری...هتد) کە بە زمانە جیاجیاکان خستویەتییە خزمەت بەکارهێنەرانییەوە، ڕۆڵی هەیە لە فێربوون و گەشەکردنی زمانی دووەم لای تاک بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی.

## باسی سێیەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە و خستنەڕوو و لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەنجامەکان، توێژەران زانیاری و داتاکانیان لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS) ڤێرژنی بیست و یەک، پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکان وەرگیراوە و لەیەکدانەوەی وەسفی بۆ داتاکان کراوە، وەک دەرهێنانی ناوەند (Mean) و ستاندارد دیڤیەشن ( Standard deviation) لەگەڵ لەیەکدانەوەی ژمێریاری کای سکوێر (Chi-square) و فیشەر تێست (fisher exact test) بەکارهێنراوە لە شوێنی پێویست، (P–Value =0.05) بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندیی بەهێز و لاواز بەکارهێنراوە، کە (P–Value =0.05) کەمتر بە پەیوەندیی بەهێز هەژمارکراوە و لە (P–Value =0.05) زیاتر بە پەیوەندیی بێهێز و لاواز هەژمارکراوە.

## تەوەرەی یەکەم: زانیارییە تایبەتەکان

١- تەمەن، ڕەگەزی منداڵ و باری ئابووریی دایکوباوکی بەرتوێژانی توێژینەوەکە: تەمەنی زۆربەی منداڵانی بەرتوێژان (٦ ساڵ)ـە و لە پلەی یەکەمدایە، هەروەها ڕەگەزی زۆربەی منداڵانی بەرتوێژان (مێ)یە و لە پلەی یەکەمدایە، هەرچی باری ئابووریی دایکوباوکی منداڵانە، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٥١%) باری ئابوورییان (باش)ـە. بڕوانە خشتەی (١)

خشتەی (١): تەمەن، ڕەگەزی منداڵ و باری ئابووریی دایکوباوکی منداڵ

| برگە | | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| تەمەنی منداڵ | ٣ ساڵ | ٨ | %١٣.٣ | یەکەم |
| | ٤ ساڵ | ١٣ | %٢١.٦ | سێیەم |
| | ٥ ساڵ | ١٥ | %٢٥ | دووەم |
| | ٦ ساڵ | ٢٤ | %٤٠ | یەکەم |
| ڕەگەزی منداڵ | مێ | ٣٢ | %٥٣.٣ | یەکەم |
| | نێر | ٢٨ | %٤٦.٦ | دووەم |
| باری ئابوری خێزان | زۆرباش | ٢ | %٣.٣ | سێیەم |
| | باش | ٣١ | %٥١.٦ | یەکەم |
| | مامناوەند | ٢٧ | %٤٥ | دووەم |
| | خراپ | ٠ | %٠ | چوارەم/د |
| | زۆرخراپ | ٠ | %٠ | چوارەم/د |

## تەوەرەی دووەم: بەکارهێنانی یوتیوب و ڕۆڵی لە فێربوونی زمانی دووەم لای منداڵ

٢-بەکارهێنانی زمانی دووەم لەلایەن منداڵەوە:

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆربەی بەرتوێژان و بە پلەی یەکەم منداڵەکانیان زمانی دووەم بەکاردەهێنن، (٢٠%)ی بەرتوێژان منداڵەکانیان زمانی دووەم بەکارناهێنن. بڕوانە خشتەی (٢)

خشتەی (٢): بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
| --- | --- | --- | --- |
| بەڵێ | 48 | %80 | یەکەم |
| نەخێر | 12 | %20 | دووەم |
| کۆی گشتی | 60 | 100 | |

٣- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و خوێندن لە داینگە و باخچەی منداڵانی ناحکومی:

وەک لە خشتەی (٣)دا دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان خوێندنی منداڵ لە داینگە و باخچەی منداڵانی ناحکومی و فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ نییە، کەواتە مەرج نییە منداڵان تەنیا لە ڕێگای داینگە و باخچەی مناڵانی تایبەتەوە فێری زمانی دووەم ببن.

خشتەی (٣): پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم و خوێندن لە داینگە و باخچەی تایبەت

| بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ | | خوێندنی منداڵ لە داینگە و باخچەی منداڵانی ناحکومی | | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | | بەڵێ | نەخێر | |
| | بەڵێ | 14 | 34 | 48 |
| | نەخێر | 3 | 9 | 12 |
| کۆی گشتی | | 17 | 43 | 60 |
| P value | | 1 | | |

٤- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و ژیان لە دەرەوەی وڵات:

ئەنجامەکان نیشانیدەدەن، پەیوەندیی نێوان فێربوونی زمانی دووەم و ژیانی منداڵان لە دەرەوەی وڵاتی خۆی, پەیوەندییەکە بەهێز نییە, چونکە (٤٤) منداڵ لە مشتەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی وڵاتیش نەژیاون و زمانی دووەمیش بەکاردەهێنن, کەوایە دەکرێت منداڵان لە دەرەوەی وڵاتیش نەژیابن و فێری زمانی دووەمیش بێن. بڕوانە خشتەی (٤).

خشتەی (٤): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و ژیان لە دەرەوەی وڵات

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | | ژیانکردن لەدەرەوەی ولات لەماوەی تەمەنی منداڵدا | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| | | بەلێ | نەخێر | |
| | بەلێ | 4 | 44 | 48 |
| | نەخێر | 0 | 12 | 12 |
| کۆی گشتی | | 4 | 56 | 60 |
| P value | | 0.574 | | |

٥-پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و کاتژمێرەکانی تەماشاکردنی یوتیوب:

ئەنجامەکانی خشتەی (٥)، ئەوە دەردەخات کە زۆریی کاتژمێرەکانی تەماشاکردنی یوتیوب مەرج نییە بۆ فێربوونی زمانی دووەم لای منداڵ، بەڵکو بەپێی زیرەکی و لێهاتوویی وەرگرتنی زمان لە منداڵێکەوە بۆ یەکێکي تر دەگۆڕێت، هەروەک ئەنجامەکان نیشانیدەدەن پەیوەندییەکی لاواز لە نێوان هەردوو گۆڕاودا هەیە.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (عزة جلال عبدالله حسين، ٢٠١٨) لەوەدا کۆک نییە کە زۆرینەی منداڵانی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە لە میسر ڕۆژانە (٣ -٥) کاتژمێر

تەماشاکردنی یوتیوب دەکەن، بەڵام زۆربەی منداڵان لە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان ڕۆژانە (١ -٢) کاتژمێر تەماشای یوتیوب دەکەن.

خشتەی (٥): پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و کاتژمێرەکانی تەماشاکردنی یوتیوب

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | | ماوەی کاتژمێرەکانی تەماشاکردنی یوتیوب لەلایەن منداڵەوە | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کەمتر لە ١ کاتژمێر | (١ بۆ٢) کاتژمێر | (٣ بۆ ٤) کاتژمێر | سەرووی ٥ کاتژمێر | |
| | بەڵێ | 9 | 20 | 13 | 6 | 48 |
| | نەخێر | 5 | 3 | 2 | 2 | 12 |
| کۆی گشتی | | 14 | 23 | 15 | 8 | 60 |
| P value | | 0.427 | | | | |

٦- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و قسەکردنی دایکوباوک بەو زمانە:

بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە، پەیوەندییەکی بەهێز نییە لەنێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم و قسەکردنی دایکوباوک بەو زمانە لەگەڵیاندا, لە کۆی ئەو (٦٠) منداڵ، (١٣)ەیان دایکوباوکیان بە زمانی دووەم دەدوێن لەگەڵیاندا، بەڵام (٣٥) منداڵ بەبێ ئەوەی دایکوباوکیان زمانی دووەم لەگەڵیان بەکاربهێنێن، منداڵەکان خۆیان بە زمانی دووەم دەدوێن، هەروەک (٤) منداڵ سەرەڕای ئەوەی دایکوباوکیان بە زمانی دووەم دەدوێن، کەچی هەر ناتوانن زمانی دووەم بەکاربهێنن, ئەمەش ئەوەدەردەخات؛ قسەکردنی دایکوباوک بە زمانی دووەم لەگەڵ منداڵەکانیان ڕۆڵی نییە بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەم. بڕوانە خشتەی (٦)

خشتەی (٦): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و قسەکردنی دایکوباوک بەو زمانە

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | | ماوەی کاتژمێرەکانی تەماشاکردنی یوتیوب لەلایەن منداڵەوە | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کەمتر لە ١ کاتژمێر | (١ بۆ٢) کاتژمێر | (٣ بۆ ٤) کاتژمێر | سەرووی ٥ کاتژمێر | |
| | بەڵێ | 9 | 20 | 13 | 6 | 48 |
| | نەخێر | 5 | 3 | 2 | 2 | 12 |
| کۆی گشتی | | 14 | 23 | 15 | 8 | 60 |
| P value | | 0.427 | | | | |

٧- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی کە لە یوتیوب تەماشایان دەکات:

وەک لە خشتەکەدا دیارە، منداڵی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم تەماشای فیلمکارتۆن دەکەن، ئەوەش دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی بەهێز نییە لە نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم و جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی کە منداڵ لە ڕێگەی یوتیوبەوە تەماشایان دەکات. کەواتە جۆری ڤیدیۆی تەماشاکراو ڕۆڵی نییە لەسەر بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ. بڕوانە خشتەی (٧).

خشتەی (٧): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی کە لە یوتیوب تەماشایان دەکات

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی منداڵ لە یوتیوب تەماشایان دەکات | | | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | فیلمکارتۆن | فیلم | ڤیدیۆی فێرکاری | فیلمکارتۆن و گۆرانی | فیلمکارتۆن و فیلم و فێرکاری | فیلمکارتۆن و فیلم | فیلمکارتۆن و گۆرانی و فێرکاری | |
| بەڵێ | 19 | 1 | 6 | 6 | 12 | 1 | 3 | 48 |
| نەخێر | 7 | 1 | 2 | 0 | 2 | 0 | 0 | 12 |
| کۆی گشتی | 26 | 2 | 8 | 6 | 14 | 1 | 3 | 60 |
| P value | 0.112 | | | | | | | |

٨-پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و زمانی ئەو ڤیدیۆیانەی کە لە یوتیوب تەماشایان دەکات:

خشتەی خوارەوە پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و زمانی ڤیدیۆی تەماشاکراو لە یوتیوب نیشاندەدات، بەپێی خشتەکە ڕووندەبێتەوە، ئەو زمانەی کە منداڵان وەکو زمانی دووەم بەکاریدەهێنن بریتییە لە زمانی ئینگلیزی، چونکە لە کۆی (٤٨) منداڵی بەرتوێژان، کە زمانی دووەم بەکاردەهێنن، (٤١) منداڵیان تەماشای ئەو ڤیدیۆیانە دەکەن کە بە زمانی ئینگلیزییە، ئەمەش دەریدەخات پەیوەندییەکە تاڕادەیەک بەهێز نییە لە نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی. بڕوانە خشتەی (٨)

خشتەی (٨): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و زمانی ئەو ڤیدیۆیانەی کە لە یوتیوب تەماشایان دەکات.

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | زمانی ڤیدیۆکانی یوتیوب کە منداڵ تەماشایان دەکات | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | کوردی | ئینگلیزی | عەرەبی | هیتر | |
| بەڵێ | 6 | 41 | 0 | 1 | 48 |
| نەخێر | 4 | 7 | 1 | 0 | 12 |
| کۆی گشتی | 10 | 48 | 1 | 1 | 60 |
| P value | 0.292 | | | | |

٩- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و تەمەنی منداڵدا:

خشتەی (٩) لاوازیی پەیوەندیی نێوان تەمەنی منداڵ و بەکارهێنانی زمانی دووەم پیشاندەدات, ئەمەش دەریدەخات کە تەمەنی منداڵ مەرج نییە بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەم.

خشتەی (٩): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و تەمەنی منداڵدا

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | تەمەنی منداڵ | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | ٣ ساڵ | ٤ ساڵ | ٥ ساڵ | ٦ ساڵ | |
| بەڵێ | 5 | 11 | 11 | 21 | 48 |
| نەخێر | 3 | 2 | 4 | 3 | 12 |
| کۆی گشتی | 8 | 13 | 15 | 24 | 60 |
| P value | 0.231 | | | | |

١٠- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی ئەو زمانە:

پەیوەندییەکی لاواز لە نێوان فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەم و جۆری بەکارهێنانی ئەو زمانە تێکەڵ بە زمانی دایکی لای منداڵ هەیە، کەواتە منداڵان هەردوو جۆری کۆد گۆڕینەوە و کۆد تێکەڵکردن لە کاتی ئاخەوتندا بەکاردەهێنن.

ئەم ئەنجامە، لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (شیلان عوسمان عبدالرحمان بەکر، ٢٠١٧) لەوەدا پێچەوانەیە کە دەرکەوتبووە خوێندن و پرۆگرامی خوێندن هۆکاری سەرهەڵدانی جووتزمانین لای خوێندکارانی زانکۆی ئیشک/هەولێر، بەڵام بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوت جگەلە پرۆگرامی خوێندن، یوتیوبیش هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی جووتزمانی لای منداڵان. بڕوانە خشتەی (١٠)

خشتەی (١٠): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی ئەو زمانە

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | | شێوازی بەکارهێنانی زمانی دووەم | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | لە یەک ڕستەدا دوو زمان بەکاردەهێنێت لەهەمانکاتدا | لە ڕستەی جیاواز و سەربەخۆدا بەنۆرە زمانەکان بەکاردەهێنێت | لە یەک ڕستەدا دوو زمان بەکاردەهێنێت لەهەمانکاتدا، لە ڕستەی جیاواز و سەربەخۆدا بەنۆرە زمانەکان بەکاردەهێنێت | |
| | بەڵێ | 24 | 21 | 3 | 48 |
| | نەخێر | 5 | 7 | 0 | 12 |
| کۆی گشتی | | 29 | 28 | 3 | 60 |
| P value | | 0.925 | | | |

١١- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و ئاستی بەکارهێنانی ئەو زمانە:

خشتەی ژمارە (١١) پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و ئاستێکی دیاریکراو نیشاندەدات، بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە پەیوەندیی نێوان هەردوو گۆڕاوەکە لاوازە، ئەمەش دەریدەخات فێربوونی زمانی دووەم لای منداڵ، مەرج نییە لە ئاستێکی دیاریکراودا بێت.

خشتەی (١١): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و ئاستی بەکارهێنانی ئەو زمانە

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | ئاستی بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| | تەنها وشەکان فێربووە | دەتوانێت ڕستە بەکاربهێنێت | دەربڕین و گوکردن بە دروستی | |
| بەڵێ | 29 | 12 | 7 | 48 |
| نەخێر | 10 | 0 | 2 | 12 |
| کۆی گشتی | 39 | 12 | 9 | 60 |
| P value | 0.388 | | | |

١٢- پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و زانینی واتاکەی بە زمانی دایکی:

وەک لەم خشتەیە دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەو منداڵانەی کە زمانی دووەم بەکاردەهێنن، واتاکەی بە زمانی دایکي دەزانن، ئەمەش دەریدەخات کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم و واتای بەکارهێنانی ئەو وشە و ڕستانە بە زمانی دایکەوە هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەرچی منداڵ زمانی دووەم بەکاردەهێنێت و فەرهەنگی بە زمانی دووەم گەشەدەکات، لەگەڵیشیدا فەرهەنگی زمانی دایکی گەشەی کردووە و گرفتی بۆ دروستنەبووە.

خشتەی (١٢): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و زانینی واتاکەی بە زمانی دایکی

| | بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و زانینی واتاکەی بە زمانی دایکیی | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | |
| بەکارهێنانی زمانی دووەم بەڵێ | 43 | 5 | 48 |
| نەخێر | 4 | 8 | 12 |
| کۆی گشتی | 47 | 13 | 60 |
| P-value | 0.001 | | |

١٣- پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و هاندانی دایکوباوک بۆ تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوب بەو زمانە:

پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم و هاندانی منداڵ لەلایەن دایکوباوکەوە بۆ تەماشاکردنی یوتیوب بە زمانی دووەم هەیە، کەواتە هاندانی دایکوباوک ڕۆڵی هەیە بۆ بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ. بڕوانە خشتەی (١٣)

خشتەی (١٣): پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ و هاندانی دایکوباوک بۆ تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوب بەو زمانە

| بەکارهێنانی زمانی دووەم | هاندانی منداڵ لەلایەن دایکوباوکەوە بۆ تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی نێو یوتیوب بە زمانی دووەم | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | |
| بەڵێ | 38 | 10 | 48 |
| نەخێر | 6 | 6 | 12 |
| کۆی گشتی | 44 | 16 | 60 |
| P value | 0.005 | | |

١٤- منداڵ بەهۆی یوتیوبەوە لەم کاتانەدا وشە و دەستەواژەی زمانی دووەم بەکاردەهێنێت:

ئەنجامەکانی خشتەی (١٤) ئاشکرایدەکەن، زۆربەی بەرتوێژان منداڵەکانیان بەهۆی تەماشاکردنی یوتیوبەوە، لە کاتی ناوهێنانی (ڕەنگەکان، کەرەستە و کەلوپەلەکان، خواردن و میوەکان و ژماردنی ژمارەکان)ندا، وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، ئەمەش هاوئەنجامی خشتەی (٨)ە کە دەرکەوتبوو زۆربەی منداڵان بە زمانی ئینگلیزی تەماشای یوتیوب دەکەن.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، تەبایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (أحلام فلیح حسن العطیات، ٢٠١٨)، کە یوتیوب ڕۆڵی هەیە لە دروستدەربڕینی زمانی ئینگلیزی لای منداڵانی باخچەی منداڵان، بەتایبەت دەربڕینی (پێنج هەستەوەرەکە). هەروەها تەبایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی () Dwi Asmiarti  and Guntur Winangun، 2018) کە دەرکەوتبوو منداڵان چەندین وشە و دەستەواژەی ڕۆژانە و ناوی ڕەنگەکان بە زمانی ئینگلیزی فێربوون.

خشتەی (١٤): منداڵ بەهۆی تەماشاکردنی یوتیوبەوە لەم کاتانەدا وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی بەکاردەهێنێت

| بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدانیم | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| لەکاتی ناوهێنانی ڕەنگەکاندا | 17 | **28.3** | 35 | **58.3** | 4 | **6.6** | 4 | **6.6** | 0 | **0** | **60** |
| لەکاتی ناوهێنانی کەرەستە و کەلوپەلەکاندا | 13 | **21.6** | 32 | **53.3** | 8 | **13.3** | 7 | **11.6** | 0 | **0** | **60** |
| لەکاتی ناوهێنانی خواردن و میوەکان | 19 | **31.6** | 32 | **53.3** | 4 | **6.6** | 5 | **8.3** | 0 | **0** | **60** |
| لەکاتی ژماردنی ژمارەکان | 18 | **30** | 36 | **60** | 3 | **5** | 3 | **5** | 0 | **0** | **60** |
| لەکاتی خواردنێکی خۆش و بەچێژ دەخوات | 14 | **23.3** | 29 | **48.3** | 11 | **18.3** | 6 | **10** | 0 | **0** | **60** |
| لەکاتی هەڵچوون و توڕەبووندا | 8 | **13.3** | 16 | **26.6** | 16 | **26.6** | 15 | **25** | 5 | **8.3** | **60** |
| لەکاتی داواکردنی شتێك لە دایکوباوك و ئەندامانی دیکەی خێزان دەکات | 10 | **16.6** | 26 | **43.3** | 11 | **18.3** | 11 | **18.3** | 2 | **3.3** | **60** |

**ئەنجامەکان:**

١- پێگەی ئەلیکترۆنیی یوتیوب ڕۆڵی هەیە لە فێربوون و گەشەی زمانی دووەم لای منداڵ، بەڵام زۆریی کاتژمێری تەماشاکردنی یوتیوب ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە لەسەر ئەو فێربوونە، هەروەک تەمەنی منداڵیش هۆکار نییە بۆ فێربوون و گەشەی زمانی دووەم.

٢- زۆرینەی منداڵان تەماشای فیلمکارتۆن دەکەن لە یوتیوب، هەروەها زۆرترینیان تەماشای ئەو فیلمکارتۆن و گۆرانی و ڤیدیۆیانە دەکەن لە یوتیوب کە بە زمانی ئینگلیزین، هەروەک زۆربەی منداڵان بەهۆی تەماشاکردنی ئەو ڤیدیۆیانەوە لە کاتی ناوهێنانی (ڕەنگەکان، خواردن و میوەکان، ژماردنی ژمارەکان، کەلوپەل و پێداویستییەکان) وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی بەکاردەهێنن.

٣- زۆرینەی دایکوباوکەکان هانی منداڵەکانیان دەدەن بۆ تەماشاکردنی ئەو ڤیدیۆیانەی نێو یوتیوب کە بە زمانی دووەمن، ئەمەش ویست و ئارەزووی دایکوباوکەکان نیشاندەدات لە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵەکانیان.

٤- مەرج نییە منداڵ لە باخچەی منداڵانی ناحکومی نەبێت، لە دەرەوەی وڵات نەژیابێت، هەروەها دایکوباوکی بە زمانی دووەم لەگەڵیدا نەدوێت، ئیتر فێری زمانی دووەم نەبێت.

٥- فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەم لای منداڵ لە ئاستی جیاوازدایە، بەڵام لە کاتی قسەکردنیاندا هەردوو شێوازی کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن بەکاردەهێنن.

**ڕاسپاردەکان:**

- دایکوباوکان چاودێریی زمانی دووەمی منداڵەکانیان بکەن و گەشە بە فەرهەنگی زمانی دووەمیان بدەن.

**پێشنیازەکان:**

١- کاری دیکەی زانستی لەسەر هەمان بابەت، بەڵام بە ڕێبازی دیکەی توێژینەوە، بۆ نموونە (ئەزمونگەری – تجريبي).

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر هەمان بابەت، بە وەرگرتنی ئامرازی دیکەی ڕاگەیاندن کۆنباو (تقليدي).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێب**

**أ- بە زمانی کوردی**


- محمد عوده الريماوی، لەدەرونزانی منداڵدا، و.ئاری عوسمان خەیات، چ.دووەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١١.

- عبدالواحد موشیر دزەیی, زمانەوانی دەروونی, ناوەندی ئاوێر, هەولێر،٢٠١٤.

- کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆجیای پەروەردەیی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- ب- بە زمانی عەرەبی

- عبدالعزیز بن ابراهیم العصیلی، علم النفس اللغة، ملک فهد الوطنیة، الریاض، ٢٠٠٦.


**ج- بە زمانی ئینگلیزی**


- Brown, D H, Principles of Language Learning and Language Teaching, Englewood Cliffs, 1987.

- Anderson, R.,'Models, processes, principles and strategies: second language acquisition inside and outside of the classroom, 1990.

دووەم: نامە و تێزی زانستی

به زمانی كوردی

- ئاسۆ عبدالرحمن كريم، ستراتیژە كۆزمانەوانییەكان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، تێزی دكتۆرا(بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلێمانی – كۆلێجی زمان، ٢٠١٩.

- هیوا مەولود عەبدوڵا، ئەنالۆژای كۆدگۆڕینەوە لەزمانی كوردیدا، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، كۆلێجی زمان - زانكۆی سلیمانی، ٢٠١٦.

- عەدنان عەبدولا عەبدولوەهاب، وەرگرتنی زمان لای منداڵ، نامەی ماستەر(بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلێمانی – كۆلێجی زمان، ٢٠١٥.

- شیلان عثمان عبدالرحمن، جوتزمانی و كاریگەری زمانی دووەم لەسەر زمانی دایك، گۆڤاری الاستاذ، ژمارەی تایبەت بە كۆنفرانس، ٢٠١٧.

- شادان شوكر، زمانتیكەڵكردن لە قسەكردندا، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سەلاحەدین - كۆلێجی زمان، ٢٠٠٨.

بە زمانی عەرەبی

- أحلام فليح حسن العطيات، اثر استخدام اليوتيوب في تعليم مهارة النطق الصحيح للغة الانجليزية لدى اطفال الروضة في المدارس الخاصة بمحافظة العاصمة عمان، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (كلية العلوم التربوية - جامعة الشرق الاوسط)، الاردن، ٢٠١٨.

- أزدهار صبيح غنتاب، استخدام المراة العراقية مواقع التواصل الاجتماعي والاشباعات المتحققة منه – دراسة مسحية على جمهور مدينة بغداد، مجلة الباحث الاعلامي، عدد (٣٩)، ٢٠١٦.

- بارش أشرف الدين و لعور صابر، استخدام الطلبة الجزائريون لليوتيوب والاشباعات المحققة منة، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (كلية العلوم الانسانية والاجتماعية - جامعة العربي بن مهيدي – أم البواقي ) الجزائر،٢٠١٦.

- عزة جلال عبدالله حسين، تأثيرفيديوهات الاطفال المقدمة عبر اليوتيوب على سلوك أطفال مرحلة ما قبل المدرسة في اطار نظريه التعلم الاجتماعي، مجلة اتحاد الجامعات العربية لبحوث الاعلام وتكنولوجيا الاتصال، العدد الاول، ٢٠١٨.

- محمد فرج صالح العبداللات، أثر استخدام اليوتيوب والفيسبوك في تحصيل طلبة الجامعة الاردنية لمرحلة البكالوريوس في مادة اللغة الانجليزية، المجلة العربية لضمان جودة التعليم الجامعي، المجلد الحادي عشر، عدد (٣٤)، ٢٠٠٨.

- مشاعل بنت ناصر أل كدم، أثر استخدام موقع اليوتيوب في رفع مستوى الاستماع والكلام لدى طالبات معهد تعليم اللغة العربية للناطقات بغيرها في جامعة الاميرة نورة بنت عبدالرحمن بالمملكة العربية السعودية، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية/جامعة بابل، العدد (٤٢)، ٢٠١٩.

**ج- به زمانی ئینگلیزی**

- Dwi Asmiarti and Guntur Winangun, The Role of YouTube Media as a Means to Optimize Early

Childhood Cognitive Development, MATEC Web of Conferences 205,2018.

- Yashinta Farahsani, YouTube as a Medium for Indonesian Toddlers Second Language Acquisition, Humanika journal, no2, 2020.

- سێیەم: ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان

- پێگەی ئەلیکترۆنی دامەزراوەی میدیایی ئەلجەزیرە، ٢٠٢١/٧/١٧: www.aljazeera.net/encyclopedia/organizationsandstructures

**Abstract**

The study aims at realizing the significance and role of YouTube in both learning and developing a second language by children, and displaying how the using of a specific second language could affect the use of native (first) language by children in Garmian area, Kalar district. To draw the hypotheses, the study adopts the analytical method with surveying doctrine accompanied by a questionnaire form holding some important questions which answered by randomly elected 60 parents from the area .

The study assumes that there is a serious role of YouTube in the process of learning a second language, especially English, by children since the mostly watching videos are in English language, and it shows that the daily repeated needs are called in English by children such as colors, foods, fruits, numbers, and other tools. Further, the study affirms that second language learning through YouTube would not leave any effect upon the native language of children.

Key words: YouTube, learning, second language, children